# راگەیاندنی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق بەبۆنەی 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنان

پیرۆزبێت 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنان، ئەمە ئەو رۆژەیە کەژنانی دنیا، بەتایبەتی ژنانی کرێکار، دژی زوڵمو نایەکسانیو بێمافیەکانیان لەسایەی نیزامی سەرمایەداریدا زیاتر دەنگ هەڵدەبڕنو خەباتو تێکۆشانیان بۆ ئازادیو رزگاری خۆیان لەچنگ کۆیلەتیو هەڵاواردنی جنسیو بێمافیو ناعەدالەتی پەرەپێدەدەن.

هەڵبەتە ژنانی عێراق بەبەراوورد لەگەڵ ژنانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا بەدەست نیزامێکی دواکەووتووترو زوڵمو بێمافیەکی کەم وێنەو کۆیلەیەتیەکی ئاشکراو بێپەردەوە دەناڵێنن. لەباری ئابووریەوە هێشتا زۆرینەی ژنانی ئەم کۆمەڵگایە کۆیلەی ناوماڵنو سەرەکیترین ئەرکو رۆڵی ئابووریان بووە بەماڵداریو مناڵداری لەخێزانە پیاوسالارەکاندا. ئەو بەشە لەژنانیش کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەنو بەرهەم دەهێننو بەشداری چالاکانە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکاندا دەکەن لەگەڵ زوڵمێکی دووسەرە بەرەوڕوون: ئەوان هەم ئەرکی ماڵداریو مناڵداری کەوتۆتە ئەستۆیانو هەم هێزی کاریان بەتاڵان دەبرێو کرێیەکی کەمو نابەرابەر وەردەگرنو بەهرەمەندنین لەیاساکارێکی پێشرەو کەمافو خواستەکانیان لەخۆبگرێت.

لەباری کۆمەڵایەتیو یاساییشەوە ژنان بەدەست دواکەوتوییو کۆنەپەرستیو پیاوسالاریەوە گیرۆدەبوون. ئەوان لەم کۆمەڵگایەدا کراون بەکۆیلەو پاشکۆی پیاو و مرۆڤی پلە دوو. چالاکی کۆمەلایەتیو سیاسیو رۆشنبیری ئەوان هەزارو یەك کۆتو بەندی کۆمەلایەتیو یاسایی بۆ دانراوە، لەپێکهێنانی خێزانو جیابوونەوەو میراتگریو باقی مەیدانەکانی تردا یاسای ئەحوال شەخصی عێراقی جێبەجێدەکرێت کەبڕگەو مادەکانی لەشەریعەتی ئیسلامیەوە وەرگیراوەو بنەماکەی زەوتکردنی ئازادیو بێمافیو کۆیلەکردنی ژنانە. جگە لەهەموو ئەم بێمافیو کۆیلەتیە زۆرجار بەبیانووی ناموسپەرستیەوە مافی ژیان لەژنان دەسەنرێتەوەو بەشێوەیەکی دڕندانە تیرۆر دەکرێن، یاخود بارودۆخێکی وا نالەبار بەسەر ژناندا دەسەپێنرێت کەناچاریان دەکات مەرگ هەڵبژێرنو خۆیان بسوتێنن.

بەڵام ئەم بارودۆخە هەموو دیمەنەکە نیە، رێژەی ئەو ژنانەی کاردەکەنو لەپاشکۆیەتی ئابووری پیاو رزگاریان بووە لەپەرەسەندنی زیاتردایە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیكو فشارو ناڕەزایەتی ژنانەوە ماڵداری بەرێژەیەکی کەمتر لەرابردوو دەستی ژنانی گرتووە، هەروەها خەبات بۆ بەدەستهێنانی بیمە کۆمەڵایەتیەکانو دابینکردنی رەوزەکانو باقی خزمەتگوزاریەکانیتر لەپەرەسەندنی زیاتردایە، رێژەی ژنانی نەخوێندەوار کەمتربۆتەوە، ژنان توانیویانە شەخصیەتو لێوەشاییی خۆیان بسەپێنن تائەو شوێنەی بەکەم سەیرکردنیان مایەی گاڵتەجاڕیو نەفرەتو بێزاری بێت، دیاردەی چەند ژنە ئەگەرچی لەیاسای کۆنەپەرستانەی ئەحوال شەخصیدا شەرعیە بەڵام لەباری کۆمەڵایەتیەوە دیاردەیەکی قێزەوونەو بەسەرچووە. دیارە ئەم دەسکەوتو مافانە لەخۆوە نەهاتووە، ئەمە بەرهەمی خەباتو تێکۆشانی بزووتنەوەی ژنانە کەمێژوویەکی دوورو درێژو رابردوویەکی پڕشکۆی هەیە لەعێراقداو لێبڕاوانە بۆ خواستو مافو داخوازیەکانی خۆی تێکۆشاوەو مایەی پشتیوانی پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو ئەو حزبو لایەنە سیاسیانە بووە کەبەرژەوەندیو پەرەسەندنی خەباتو تێکۆشانی خۆیان لەئازادیو رزگاری هەمەلایەنەی ژناندا بینیوەتەوە. ئەم بزووتنەوەیە ئێستا بەدەیان رێکخراو و کۆمەڵەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێو هەریەك پشتی بەڕوانگەو بۆچوونی جیاواز بۆ ئازادیو رزگاری ژنان بەستووە.

ژنانی سۆشیالیستو کۆمۆنیست رادیکاڵترینو پێشەنگترین بەشی ئەم بزووتنەوەیە پێکدەهێننو خەباتو تێکۆشانی بوێرانەو لێبڕاویان مایەی جۆشدانو پەرەسەندنی زیاتری خەباتو تێکۆشانی گشت بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان بووە، مێژووی 13 ساڵی رابردووی کوردستانی عێراق بەرۆشنی ئەم واقعیەتەی سەلماندووە.

## ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز

ژنانی عێراق لەگەڵ رزگاربوونیان لەدەسەڵاتی دیکتاتۆریو کۆنەپەرستانەی بەعسو هەڵمەتە ئیمانیەکانو هێرشو قەسابیەکانی رژێم، راستەوخۆ لەگەڵ شەڕو داگیرکاری ئەمریکاو زاڵبوونی فەزای نائەمنیو نائارامیو بەرامبەرکێی پاشماوەکانی بەعسو بزووتنەوەیەکی سەلەفی تاسەر ئێسقان کۆنەپەرست بەرەو رووبوون. لەولایشەوە بزووتنەوە دینیو تائیفیەکانی هاوکارو هاوپەیمانی ئەمریکا هاتنەمەیدانو نەك هەر نەیانهێشت ژنانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق نەفەسێکی ئازادی هەڵمژن، بگرە بارودۆخێکی زۆر کۆنەپەرستانەیان بۆ ژنان خولقاندو یەیتا پەیتا هێرشیان کردە سەر دەسکەوتو مافەکانیان، دەرکردنی بڕیاری 137ی مەجلیسی حوکمی هەڵوەشاوە نمونەیەکی زەقی هێرشو پەلاماری ئەو بزووتنەوانە بوو کەلەم هەڵبژاردنەی دواییدا زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراقیان مسۆگەر کرد.

ژنان لەسایەی داگیرکاری ئەمریکاو سیاسەتە چاوچنۆكو ئیمپریالیستیەکانیدا، وە لەسایەی دەسەڵاتی ڕەشی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستە تائیفیو قەومیانەدا دەبێت خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەورە ئامادەبکەن، هەرچەندە تواناکانو گەشەی بزووتنەوەی ژنانو خواستە پەنگخواردووەکانی لەئاستێکدایە کەئەوان ناتوانن بەئاسانی پاشەکشەی پێبکەن، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کەئەو بزووتنەوە بۆرژوازیە کۆنەپەرستانە گیانسەختی دەکەنو نەك هەر ئامادەنین مل بەخواستو ئازادیەکانی ژنان بدەن بەڵکو مەترسی ئەوەش لەئارادایە لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا دەسکەوتەکانی ئێستای ژنانیش لەدەست بچێتو وەکو ژنانی ئێرانیانیان بەسەر بێت.

بۆیە خەباتی ژنان بۆ هێنانەدی دەستورێکی علمانیو پێشکەوتوو، بۆ جیایی کاملّی دین لەدەولّەتو قەدەغەی پێکهێنانی حکومەتێکی دینیو تائیفی، بۆ گۆڕینی یاساکانی ئەحوال شەخصی عێراقی بەیاسایەکی مەدەنیو عیلمانی کەلەسەر بنەمای ئازادیو مافەکانی ژنان داڕێژرابێت، بۆ بڕینەوەی بیمەی بێکاری بۆ ژنانی بێکار، بۆ یەکخستنی ریزەکانی لەرێکخراوەی واقعیو سەربەخۆی ژناندا ...تاد سەرەکیترین خواستو روبەڕوبوونەوەی ئێستاو ئایندەی بزووتنەوەی ژنانە لەعێراق.

ئەم خەباتو نەبەردە سەختو گەورەیە بێگومان یەکێك لەسەنگەرە گرنگەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کرێکاریەو ئەوە ئەم بزووتنەوەیەیە کەپێویستە ژنان هەتاسەر پشتی پێببەستنو بەپاڵپشتی سەرەکی خەباتو تێکۆشانی خۆیانی بزانن.

**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق**
**کۆمیتەی ناوەندی**
**مارسی 2005**